# ئامانجەکانی ژن هێنان ( زەواج ) لە ئیسلامدا

[ بە کوردی ]

مقاصد الزواج في الإسلام
[ باللغة الكوردية ]

نوسینی : پشتیوان سابیر عزیز
الكاتب : بشتيوان صابر عزيز

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

المراجعة: بشتيوان صابر عزيز

نوسینگەی ( رەبوەی ) هەرەوەزیی بۆ بانگەواز و وشیارکردنەوەی ڕەوەندەکان لە شاری ڕیاز

المكتب التعاوني للدعوة وتوعية الجاليات بالربوة بمدينة الرياض

١٤٢٩ـ ٢٠٠٨

islamhouse.com

# ئامانجەکانی ژن هێنان ( زەواج ) لە ئیسلامدا

گەنج لەسەرەتای تەمەنیدا کاتێك بیر لە ژن هێنان دەکاتەوە پێشەکی بیر لەچۆنیەتی کۆبونەوە و تێرکردنی ئارەزوەکانی دەکات لەگەڵ خێزانی، بێ گومان ئەم کارە عەیب و تاوان نیە، بەڵام پاش ماوەیەك بۆی دەردەکەوێت کەژن هێنان تەنها ئەو مەبەستە نیە، بەڵکو ژن هێنان لە ئیسلامدا مانای گەورە تری هەیە، وە دەتوانین بڵێین دەزگایەکە بۆ پێکهێنانی خێزان، کە دەبێتە سەرەتاێك بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگە.

ئەوەی مەبەستمان بێت لەم بابەتە بریتیە لەرونکردنەوەی هەندێك لە ئامانجەکاني ژن هێنان ( زەواج ) لە ئیسلامدا، بۆ ئەوەی ببێتە هاندەرێك بۆ خوشك و برایانمان کە پەلە بکەن لە دروستکردنی خێزان.

یەکەم: گوێڕایەڵی کردنی فەرمانی خوای گەورەو پێغەمبەرەکەی صلى الله عليه وسلم :

خوای گەورە زەواجی داناوەو کردویەتیە نەریتیك لە نەریتیەکانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام و ڕەوای کردوە بۆ بەندەکانی، هەروەها پێغەمبەری خوا بانگەوازی بۆ کردوە بە سوننەتی ووتن و کرداری ( قولي وفعلي )، خوای گەورە دەفەرموێت: ( فَانْكِحُوا مَا طَابَ لَكُمْ مِنَ النِّسَاءِ مَثْنَى وَثُلاثَ وَرُبَاعَ)(النساء: من الآية٣) واتە: مارەبکەن لەو ئافرەتانەی حەڵاڵن بۆتان ، دوو دوو یا سیان سیان یا چوار چوار ، وە دەفەرموێ : ( وَأَنْكِحُوا الْأَيَامَى مِنْكُمْ وَالصَّالِحِينَ

مِنْ عِبَادِكُمْ وَإِمَائِكُمْ إِنْ يَكُونُوا فُقَرَاءَ يُغْنِهِمُ اللَّهُ مِنْ فَضْلِهِ وَاللَّهُ وَاسِعٌ عَلِيمٌ) (النور:٣٢) واته: ژن مارەببڕن بۆ پیاوانی بێ ژن و ژنانی بێ مێریش بدەن بەشوو ( مێرد). .. ، وەدەفەرموێ: ( وَمَنْ لَمْ يَسْتَطِعْ مِنْكُمْ طَوْلاً أَنْ يَنْكِحَ الْمُحْصَنَاتِ الْمُؤْمِنَاتِ فَمِنْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ مِنْ فَتَيَاتِكُمُ الْمُؤْمِنَاتِ)(النساء: من الآية٢٥)، واته: ئەوەی لە ئێوە نەیتوانی لەبەر هەژاری ئافرەتانی ئازادی ئیماندار مارەبکات ، ئەوە با لەوانە مارە بکات کە بوونەتە موڵکتان لەکەنیزەکە ئیماندارەکانتان.

وەلە سوننەتە کرداریەکانی ، پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم ژنی هێناوەو خێزانی دروست کردوەو منداڵی بووە، وەپارەی سەرف کردوە بۆ ماڵ و منداڵی بۆ ئەوەی خەڵکی بزانێت چۆن دەبنە باوك و مێرد بەسەر خێزان و منداڵەکانیان.

وە لە سوننەتی قەولیدا ، حەدیسی ابن مسعود ـ خوا لێی رازی بێت ـ فەرمووی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرموی : [ يا معشر الشباب، من استطاع الباءة فليتزوج، فإنه أغض للبصر وأحصن للفرج، ومن لم يستطع فعليه بالصوم، فإنه له وجاء ]. متفق عليه

واته: ئەی گەنجەکان ئەوەی توانای ژن هێنانی هەیە با ژن بهێنێت، چونکە دەبێتە مایەی دوور کەوتنەوە لە تاوان، وەئەوەی نەیتوانی با بەرۆژو بێت چونکە شەهوەت کەم دەکاتەوە.

وەلەسەحیحی بخاری هاتووە : [ إذا خطب إليكم من ترضون دينه وخلقه فزوجوه، إلا تفعلوا تكن فتنة في الأرض وفساد عريض] .

واته: ئەوەی هاتە داخوازی کچەکەتان و دڵنیا بوون لە ئاین و رەوشتی ئەوە مارەی لێ بکەن ، وە ئەگەر ئەوە نەکەن دەبێتە مایەی فیتنە لەسەر زەوی و بەدرەوشتی بڵاو دەبێتەوە.

دووەم: جێبەجێکردنی سوننەتی پێغەمبەر و سوننەتی هەموو پێغەمبەران علیهم الصلاة والسلام:

ژن هێنان یەکێکە لە سوننەتەکانی پێغەمبەران علیهم الصلاة والسلام ، خوای گەورەدەفەرموێت: ( وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلاً مِنْ قَبْلِكَ وَجَعَلْنَا لَهُمْ أَزْوَاجاً وَذُرِّيَّةً )(الرعد: من الآية٣٨)

ئیمامی قرطبي دەربارەی تەفسیری ئەم ئایەتە دەفەرموێت: ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر هاندان بۆ ژن هێنان و دوور کەوتنەوە لە بێ ژنی ، چونکە ئەمە سوننەتی پێغەمبەرانە علیهم الصلاة والسلام ، وە پێغەمبەری خوا صلی الله علیە وسلم دەفەرموێت :

[ أما والله إني لأخشاكم لله وأتقاكم له، لكني أصوم وأفطر، وأصلي وأرقد، وأتزوج النساء، فمن رغب عن سنتي فليس مني] متفق عليه.واتە: سوێند بە الله من لە هەمووتان زیاتر لەخوا ئەترسم ، لەگەڵ ئەوەشدا بە رۆژو دەبم و بەرۆژوش نابم ، وە نوێژ دەکەم و پاڵیش دەکەوم ، وە ژنیش دەهێنم ، ئەوەی لەسوننەتی من لادات ئەوە لە من نیە.

سییەم: پاراستنی دەروون و تێرکردنی ئارەزوو :

خوای گەورە غەریزەێکی دروست کردوە لە مرۆڤدا زۆر زەحمەتە ڕاکردن لێی، بۆیە ئاینی پیرۆزی ئیسلام ڕێگە چارەی داناوە بۆ تێرکردنی ئەو ئارەزوە، ئەویش بریتیە لە ژن هێنان بەحەڵاڵی، بێ گومان زەواج تاکە ڕێگایە بەرامبەر ئەو ئارەزوانەبگرێت، بۆیە خوای گەورە ژنی وەك ماڵێك ( سكن ) وا

لێکردوه بۆ پێاوەکەی، هەروەهاش پێاوی وا لیٚ کردوه بۆ ژنەکەی، بۆ ئەوەی تێر لەیەکتر بخۆن، ئەمەش بەدڵنیایەوە دەبێتە مایەی خۆ پاراستن لە هەموو تاوانێك.

پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم دەفەرموێ: [ يا معشر الشباب، من استطاع الباءة فليتزوج، فإنه أغض للبصر وأحصن للفرج، ومن لم يستطع فعليه بالصوم، فإنه له وجاء].متفق عليه.

چوارەم: زیاد کردنی ژمارەی موسڵمان :

لەسوننەنی ئەبی داود و نەسائی و سەحیحی تەرغیب ەتەرهیب لەمعقل بن يسار فەرموی: [جاء رجل إلى رسول الله صلى الله عليه وسلم فقال يا رسول الله إني أصبت امرأة ذات حسب ومنصب ومال إلا أنها لا تلد أفأتزوجها ؟ فنهاه، ثم أتاه الثانية فقال له مثل ذلك، ثم أتاه الثالثة، فقال له: تزوجوا الودود الولود فإني مكاثر بكم الأمم ] ،واتە: [ پیاوێك هات بۆ لای پێغەمبەری خوا، ووتی: یارسول الله من ژنێکی خانەوادەي خاوەن پلە و پارەم دۆزیەتەوەبەڵام منداڵی نابێت ئایەمارەی بکەم؟ پێغەمبەری خوا نەهی لیٚ کرد مارەی بکات ... پاشان فەرموی: مارەی ئەو ژنە بکەن کەوا منداڵی دەبێت، چونکە من پێم خۆشە زورترین ئومەت بم لەژمارەی شوێنکەوتوانیدا.

پێنجەم: بەدەسهێنانی منداڵی چاك بۆ ئەوەی زەوی ئاوەدان بکەنەوەو بەندایەتی خوای گەورەبکەن:

ئیمام بخاری - رەحمەتی خوای لیٚ بێت - دەفەرموێت لەسەحیحەکەید : باب مَنْ طَلَبَ الْوَلَدَ لِلْجِهَادِ".. وذكر حديث أبي هُرَيْرَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ عَنْ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ: [قَالَ سُلَيْمَانُ بْنُ دَاوُدَ عَلَيْهِمَا السَّلام لأَطُوفَنَّ اللَّيْلَةَ عَلَى مِائَةِ

امْرَأَةٍ أَوْ تِسْعٍ وَتِسْعِينَ كُلُّهُنَّ يَأْتِي بِفَارِسٍ يُجَاهِدُ فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَقَالَ لَهُ صَاحِبُهُ قل إِنْ شَاءَ اللَّهُ، فَلَمْ يَقُلْ إِنْ شَاءَ اللَّهُ، فَلَمْ يَحْمِلْ مِنْهُنَّ إلا امْرَأَةٌ وَاحِدَةٌ جَاءَتْ بِشِقِّ رَجُلٍ.. وَالَّذِي نَفْسُ مُحَمَّدٍ بِيَدِهِ لَوْ قَالَ إِنْ شَاءَ اللَّهُ لَجَاهَدُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ فُرْسَانًا أَجْمَعُونَ ]

واتە: پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرموی: [ سولەیمان کوری داود علیهما السلام فەرموی ئەم شەو دەچمە لای سەد ژن یان نەوەتو نۆ ژن - دیارە هەمووی ژنی خۆی بووە- هەرهەمویان سوارێك بهێنن بۆ ئەوەی جیهاد بکەن لەپێناو خوای گەورە، برادەرێکی پێی ووت بڵێ إِنْ شَاءَ اللَّهُ، بەڵام نەیووت، بۆیە تەنها یەکێك لە ژنەکانی منداڵی بوو ئەویش نیوەپیاو بوو، سوێند بەخوا ئەگەر بیوتایە إِنْ شَاءَ اللَّهُ ئەوە هەمویان منداڵیان دەبوو و جیهادیان دەکرد لەپێناو خوادا.

ئیمامی ابن حجر العسقلاني فەرموی:وتەکەی: (بَاب مِنْ طَلَبَ الْوَلَد لِلْجِهَادِ):واتە: ئەوەی لە کاتی جوود بونەوە لەگەڵ خێزانەکەی ( جیماع بکات ) نیازی ئەوە بێت منداڵێکی ببێت بۆ ئەوەی جیهاد بکات لە پێناوی خوای گەورەن ئەوە ئەجر و پاداشتی بۆ دەنوسرێت ئەگەر چی خوای گەورەش پێی نەبەخشێت.

شەشەم: پاراستنی کۆمەڵگە لە شوێنەواری ڕوخێنەر بە هۆی واز هێنان لە زەواج :

واز هێنان لەزەواج دەبێتەمایەی بڵاو بونەوەی زینا و بەد ڕەوشتی لەنێو خەڵکیدا، وەبێ گومان ئەمەش شوێنەوارێکی ڕوخێنەری دەبێتە سەر تاك و کۆمەڵگە .

ئەگەر سەرنجی باردۆخی ئێستای دونیا بدەین - بەتایبەت لەژێر سایەی دیموکراتیدا - بەچاوی خۆمان دەبینین کەوا :

- چۆن بەد ڕەوشتی بڵاو بوەتەوە لەکۆمەڵگەدا ...

- چۆن شوینی تایبەت دانراوە بۆ کاری سیکسی و خراپەکاری - خوا پەنامان بدات - ...

- چۆن گروپی خراپ پەیدا بووە بۆ بازرگانی کردن بەلەش فرۆشتنی ئافرەتانەوە...

ئەمە و زیاتریش هەمووی بە هۆی وازهێنانە لە زەواج و دوور کەوتنەوەیە لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام ، بۆیە دەبێت خەڵکی واز لەزەواج نەهێنن و کار ئاسانی بکرێت لەلایەن دایکان و باوکانەوە بۆ ڕۆڵەکانیان تا بتوانن خێزان دروست بکەن .

لەکۆتاییدا داواکارم لەخوای گەورە یارمەتی هەموو لایەك بدات بۆ دروست کردنی خێزانێکی بەختەوەر لەژێر سێبەری ئاینی پیرۆزی ئیسلام.

وصلى الله وسلم على نبينا وقائدنا وقدوتنا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين